

د. عادل گەرمیانی

# بەهای ڕەخنەی ئەدەبی لە زانستی ئەدەبدا

بوارەکانی ژیانی مرۆڤ هەمەچەشن و هەمە جۆرن، لە زۆربەی ئەو بوارانەدا جۆرە زانستێک پەیدا بووە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لەو جۆرە بوارە. زانستی ئەدەبیش لە ئەنجامی گەیشتنی ژیانی مرۆڤ بە پلەیەکی بەرز لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و مەعریفییەوە سەری هەڵداوە. ئەدەب زانستێکی مایە پووچ نییە، بەڵکو زانستێکی مەعریفی بەهادارە و یەکێکە لە گرنگترین زانستە مرۆڤایەتییەکان پشت دەبەستێت بە چەند بنەمایەک و لە پێنج بواری جیاواز زیاتر خۆی دەنوێنێ، کە هەموویان تەواوکەری یەکترن و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و سەرجەمیان زانستی ئەدەب پێک دەهێنن. ئەم جۆرە زانستە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە و، ئەم زانستە لەم پێنج بەشەی خوارەوە پێک دێت:

١- مێژووی ئەدەب

٢- تیۆری ئەدەب

٣- ڕەخنەی ئەدەبی

٤- بەراوردی ئەدەبی

٥- ئیستاتیکای ئەدەب

مێژووی ئەدەب ئەو بەشە زانستەی ئەدەبە هەنگاو بە هەنگاو ڕەوتی سەرهەڵدان و پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئەدەب دەخاتە ڕوو بە مەبەستی سەلماندنی هەبوونی جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبی یا ڕێبازێکی ئەدەبی لە مێژووی مەعریفیی مرۆڤایەتیدا. واتە مێژووی ئەدەب زیاتر لە سروشتی سیمای ئەدەب لە قۆناغێکی مێژویی تایبەتدا دەکۆڵێتەوە و دیاری دەکات، هەروەها لێکۆڵەری بواری مێژووی ئەدەب وەڵامێکی لۆجیکی بۆ دیاردەی زاڵبوونی ڕەگەزێکی ئەدەبی لەو قۆناغەدا دەدۆزێتەوە. واتە لە بواری مێژووی ئەدەبدا بۆمان دەردەکەوێ قۆناغی ئەدەبی لای میللەتێک یا ئەدەبی جیهانی لەو قۆناغەدا خاوەن چ جۆرە ڕەگەزی ئەدەبی و ڕێبازی ئەدەبییە. هەروەها لە بواری مێژووی ئەدەبدا دوو جۆری مێژووی ئەدەبمان هەیە:

١- مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی کەوا تایبەتە بە ئەدەبی نەتەوەیەک، بۆ نموونە لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە چەند کتێبێک هەیە وەک کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلادینی سەجادی و هەردوو بەرگی کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی) ی سدیق بۆرەکەیی و حەوت بەرگەکەی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ی د.مارف خەزنەدار.

٢- مێژووی ئەدەبی جیهانی کەوا لە سەرجەم ئەدەبی جیهانی لە قۆناغێکی تایبەتدا دەکۆڵێتەوە و دیاری دەکات یا لە بارەی هەبوون و تەشەنەکردنی قوتابخانەیەک یا ڕێبازێکی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی گەلاندا دەکۆڵێتەوە وەک هەردوو بەرگی کتێبی (مکتبهای ادبی) ی سید ڕەزا حسینی و چەند نموونەیەکی دیکە.

مەبەست لە تیۆری ئەدەب ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە، لە سروشتی جۆری ئەدەبی لە ڕووی بینای هونەرییەوە دەکۆڵێتەوە، واتە تیۆری ئەدەب لە جۆرەکانی یاخود ڕەگەزەکانی ئەدەب و خاسییەتەکانی هەر ڕەگەزێک دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە لە بواری تیۆری ئەدەب زانیاری باش پێشکەش دەکرێ لەمەڕ بینای هونەریی هۆنراوە وەک هەبوونی زمانی هۆنراوەیی ناسک و هەست بزوێن، هەروەها هەبوونی مۆسیقای هۆنراوەیی تڕپە و ئاوازدار و هەبوونی شێوازی هۆنراوەیی کاریگەر و وێنەی هۆنراوەیی جوان و ئەندێشەی هونەریی سەرنجڕاکیش. لە بواری چیرۆک و ڕۆمانیش دەبێ ئەم بنەما هونەرییانە هەبێت وەک: زمانی پەخشانەیی و ڕووداوی کاریگەر و گێرانەوەی سەرنجڕاکێش و گرێچنی چاک چنراوە و بابەتی باشی هەڵبژێردراو لەنێو

کەتواری کۆمەڵەوەو، واتە لێکۆڵەری بواری تیۆری ئەدەب دەبێ شارەزایی ڕەخنەیی باشی هەبێت تا بە وردی بنەما هونەرییەکانی ڕەگەزەکانی ئەدەب دیاری بکات.

ڕەخنەی ئەدەبیش بە جۆرە خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی دەق دادەنرێت لە پێناو شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکە و دەرخستنی بینای هونەریی جۆری ئەو دەقە ئەدەبییە، تا لە ئەنجامدا ڕەخنەگر بڕیاری ڕەخنەیی بەشێوەیەکی بابەتییانە دەربارەی ئەو دەقە ئەدەبییە بۆ نووسەری دەق و خوێنەری دەق پێشکەش بکات. لە ڕاستیدا ڕەخنە بە زادەی لەدایکبوونی دەقە ئەدەبییەکە دادەنرێت. دەقی ئەدەبیش ئەو کەرەسە بنچینەییەیە کە ڕەخنەگر کاری خۆی لەسەری دەکات و، نووسەری دەق خۆی یەکەم ڕەخنەگری دەقەکەیەتی، بەڵام ڕەنگە بە تەواوی شارەزایی خەسڵەت و بنەما هونەرییەکانی سەرجەم جۆرەکانی دەقی ئەدەبی نەبێت، بە پێچەوانەی ڕەخنەگر کەوا دەبێت خاوەنی شارەزاییەکی باش و فراوان بێت لەبارەی خەسڵەت و بنەما هونەرییەکانی سەرجەم جۆرەکانی دەقی ئەدەبی، ڕەخنەش لە ئەنجامی وردبوونەوەی وردی خوێنەری زیرەک و باش دێتە ئاراوە، هەروەها هیچ دەقێکی ڕەخنەیی نایەتە کایەوە تاوەکو دەقێکی ئەدەبیی سەرکەوتوو لەدایک نەبێت.


د. مارف خەزنەدار

ئەدەبی بەراورد لە ڕووی واتای زاراوەوە، ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیەیە دەربارەی هەڵسەنگاندنی دوو دەقی ئەدەبیی، زمان جیاواز دەکرێ لە پێناو پیشاندانی لایەنە لێکچوو و جیاوازەکانی نێوان ئەو دەقە بەراوردکراوانە. زاراوەی ئەدەبی بەراورد لە زاراوەی (الادب المقارن) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لێرەدا ئەگەر هەردوو دەقە بەراوردکراوەکە خاوەن دوو زمانی جیاواز بوون ئەوا دەچێتە خانەی بەراوردی ئەدەبییەوە، بەڵام ئەگەر زمانی ئەو دەقە بەراوردکراوە هاوچەشن بوون، ئەوسا دەچێتە خانەی هاوسەنگی ئەدەبییەوە، کەوا خزمەتی ئەدەبی

نەتەوەیی دەکات بە پێچەوانەی بەراوردی ئەدەبییەوە، کەوا زیاتر خزمەتی ئەدەبی جیهانی دەکات. زاراوەی (ئەدەبی بەراورد – الادب المقارن) وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبیی نایەتە پێشەوە، بەڵکو زیاتر وەکو پرۆسەیەکی بەراوردکاری مەعریفی دێتە پێشەوە، بۆیە باشتر وایە زاراوەی (بەراوردی ئەدەبی) بەکار بهێنی، چونکە زیاتر لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵەر بەراورد دەگونجێت.

ئیستاتیکای ئەدەب ئەو لێکۆڵینەوەیە زیاتر لە لایەنە جوانەکانی دەق دەکۆڵێتەوە و ئەوە پیشان دەدات تا چەندێ چێژی دەق و خۆشی دەق لەنێو دەقە ئەدەبییەکەدا هەیە. واتە لە بواری ئیستاتیکای ئەدەبدا زیاتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ تا چەندێ نووسەری دەق سەرکەوتوو بووە لە بەخشینی چێژی دەق بە خوێنەری دەقەکەیدا، هەروەها لە بواری ئیستاتیکای ئەدەبدا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ تا چەندێ خوێنەری دەق توانیوویەتی بگاتە پلەی سوود وەرگرتن لە خۆشی دەقدا، کەوا هەمیشە بەشێوەیەکی شاراوەیە، لەنێو جیهانی دەقە ئەدەبییەکاندا و پێویستی بە جۆرە خوێندنەوەیەکی ورد و زیرەکانەیە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی لایەنی زمانی پاراو و شێوازی کاریگەر و وێنەی جوان و ئەندێشەی هونەریی سەرنجڕاکێش، کەوا هەموویان پێکەوە چێژی دەق و خۆشی دەق لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا پێک دەهێنن.

**دەقی ئەدەبیش ئەو کەرەسە بنچینەییەیە کە ڕەخنەگر کاری خۆی لەسەری دەکات و، نووسەری دەق خۆی یەکەم ڕەخنەگری دەقەکەیەتی،**

دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی خاڵی مەڵبەندییە لەنێوان لقەکانی زانستی ئەدەبدا، چونکە مێژوونووسی ئەدەب پێویستی بە تێڕوانینی ڕەخنەیی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی جۆری ئەدەبی و ڕێبازی ئەدەبی لەو قۆناغە مێژووییە لێی دەکۆڵێتەوە. واتە شارەزایی ڕەخنەیی لایەنێکی گرنگە بۆ ئەوەی مێژوونووسی ئەدەب سەرکەوتوو بێت لەو بوارە ئەدەبییە، کەوا لە ڕووی مێژووییەوە لێی دەکۆڵێتەوە.

هەروەها لێکۆڵەری بواری تیۆری ئەدەبیش پێویستی بە شارەزاییەکی ڕەخنەیی باش هەیە تا بتوانێ بنەما هونەرییەکانی جۆرە ئەدەبییەکە دەستنیشان بکات و بیخاتە ڕوو، چونکە ئەم شارەزاییە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی لە زانینی تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزەکانی ئەدەب وەک هۆنراوەو چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ.

هەروەها لێکۆڵەری بەراوردیش پێویستی هەیە بە جۆرە شارەزاییەکی ڕەخنەیی تا بتوانێ دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان بەشێوەیەکی زانستییانە شیبکاتەوەو هەڵبسەنگێنێت و، لایەنیە لێکچوو و جیاوازەکانی نێو جیهانی دەقە بەراوردکراوەکان دەستنیشان بکات، واتە لیکۆڵەری بەراورد لە هەمان کاتدا ڕەخنەگرە لە پرۆسەی بەراوردکردنەکەی، چونکە دەبێت بە شێوەیەکی زیرەکانە بخوێنێ و لێکیان بداتەوە و شیکردنەوەیان بکات، تا بتوانێ بڕیاری ڕەخنەیی خۆی لەبارەی دەقە بەراوردکراوەکان بدات. هەروەها لێکۆڵەری بواری ئیستاتیکای ئەدەبیش پێویستی هەیە بە پلەیەکی بەرزی شارەزایی ڕەخنەیی تا بتوانێ بە وردی خۆشە دەق بۆ خوێنەری ئاسایی دەق ڕوون بکاتەوەو، هەروەها بتوانێ لایەنی سەرکەوتوویی نووسەری دەق لە بواری پێکەوەنانی مەرجەکانی پێشکەشکردنی چێژی دەق لەنێو جیهانی دەقەکەیدا.


عەلادینی سەجادی

بە گشتی دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی لە زانستی ئەدەبدا بەهایەکی پیرۆزی هەیە، چونکە پێوەندییەکی کاریگەری هەیە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی زانستی ئەدەبداو، بێ هەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی، دەقی ئەدەبی و بەشەکانی دیکەی زانستی ئەدەب بە باشی گەشە ناکات و، بێ هەبوونی دەقە ئەدەبییەکان ڕەخنەی ئەدەبی سەرهەڵنادات و نایەتە کایەوە.